**Article**

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 213 – 236
http://www.ijoks.com

# Economic conditions in the province of Erbil since the late Ottoman rule

***Mahdi Mohammed QADER*[1] *& Fatah Bahram KHADER*[2]**

**Received**: Aug 06, 2018 **Reviewed**: Dec 06, 2018 **Accepted**: Dec 28, 2018

## Abstract

Since the late nineteenth century and the beginning of the twentieth century, Erbil has been the administrative district of the province of Mosul. The fertility of its soil, its climate, and its location was economical and prestigious — its inhabitants have relied on agriculture to secure their lives. As they were interested in the production of some of the crops and crops that this research focused on in quantities and varieties of those products and crops accurately. Some were self-sustaining, such as wheat, barley, rice, as well as some other cash crops like tobacco and cotton. In addition, it has also been interested in the production of fruits and livestock. There is no doubt that each of these economic journals did not depart from natural and human problems and obstacles, And it was found to have affected the quantities and varieties of products and crops, and this has a negative impact on the lives of farmers.

As for the financial struggle in Erbil, the established financial system was the same as that which existed during the days of the Ottoman Empire. In addition to the archaic system, the Baathist regime had taken over Kurdish society — The lands of Erbil were divided into different types depending on the royal stratification of the Ottoman Empire, In the last section of this paper, we discuss the circumstances surrounding the residents of Erbil in the years of the First World War.

We have relied on sources from the Ottoman Empire, the British government, and a number of Kurdish and Arab sources.

**Key words:** Economic conditions, Province of Erbil, Ottoman Empire, British governments, Kurdish

**Recommended citation:**
Qader, M. M. & Khader, F.B. (2019). Economic conditions in the province of Erbil since the late Ottoman rule. *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 213 – 236 DOI: **10.21600/ ijoks.516506**

[1]Prof., Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq. E.mail:mahdi.muhammad86@yahoo.com,
[2]Correspondent Author: Assistant Lecturer and PhD student, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq. E.mail: fatahlak@yahoo.com, **ORCID NO**: https://orcid.org/0000-0002-7184-7298

**داىعو سمان ىتەولەد ىكانيـ يەت اۆك ەل رێولەه ىزاەق ىئ اب وور ىخۆب ارود**

پ.د. مهدی محمد قادر [3]

م.ی. فتاح بهرام خضر [4]

**پێشەکی :**

به درێژایی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، هەولدان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و خۆشگوزەرانی یەك لە گرنگترین ئامانجەکانی مرۆڤ بووە، وە سروشتی مرۆڤیش وایە هەمیشە هەولدەدات بگات بە پلەی باڵاتر بەتایبەت بۆ مسۆگەرکردنی دەستکەوتی دارایی و فەراهەمکردنی ئابووریەکی شایستە بۆ بەسەربردنی کاتێکی شاهانە لەژیانیدا، هەرلەبەر ئەمەیە هەر لەکۆنەوە تا رۆژگاری ئیمرۆ، بارودۆخی ئابووری بە یەك لەو پێوەرە سەرەکیانە دادەندرێت کە ولاتێکی سەرکەوتووی پێ هەلدەسەنگێندرێ، هاوکات رەمزو نیشانەی زیندووی تاکەکانی ئەم ولاتەش نیشان دەدات .

پێویستە ئەوەش بزانین کە بارودۆخی ئابووری کاریگەری و پەیوەندی بەسەرجەم لایەنەکانی تر هەیە، لەهەر ولاتێك گرفتی ئابووری لەئارادابوو، نیشانەی ئەوەیە ئەم کۆمەلگایە لە بارودۆخێکی ناسەقامگیربوو ڕەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیریش دەبێت.

قەزای هەولێر لە رووی کارگێریەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم قەزایەك بووە سەر بە ویلایەتی موسڵ، پێگەیەکی ئابووری بەرچاوی هەبووە، زۆربەی دانیشتوانەکەی بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانیان پشتیان بە کشتوکاڵکردن چاندنی بەرهەمە کشتوکالیەکان بەستووە .

لێکۆلینەوە لە مێژووی ئابووری قەزای هەولێر لەکۆتاییەکانی دەولەتی عوسمانی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە لەبەرئەوەی لەرابردوو مێژوونوسە کوردەکان و لە ئێستاس لە ناوەندە ئەکادیمیەکان هیچ توژێینەوەیەك لەوبارەیەوە نەنوسراوە وە ئەو توێژەرانەی لەبارەی بارودۆخی ئابووری کوردستان نوسیویانە ژمارەیان لەچەنجەکانی دەست تێپەڕناکات، ئەوانیش زیاتر سەرنجیان خستۆتە هەموو کوردستان نەپرژاونەتە سەر زەقکردنی باروردۆخی ئابووی قەزاو ناحیەکان و شارو شارۆچکەکان

ئەم لێکۆلینەوانەش بایەخی خۆی هەیە بۆ بەدیارخشتنی رۆلی ئابووری ئەم قەزایەیە لە مێژوودا کە پەیوەندی داهاتووی ئابووری شارەکەش هەیە وەك ئابووری ناسی بەناوبانگ ئادەم سمیس لە کتێبە بەناوبانگەکەی" سامانی نەتەوەکان "لەبارەی گرنگی توێژینەوەی ئابووری دەلێت " گرنگی لێکۆلینەوەی ئابووری لەوەدایە کە بایەخ بەو توێژنەوانە دەدات لەپێناو زیاد کردنی سامانی نەتەوەکان ".

سنوری لێکولینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی باس لە بارودۆخی ئابووری قەزای هەولێر، بەلام بەشێوەیەکی ورد زیاتر چڕبوینەتەوە لە باسکردنی بارودخی ئابووری قەزای هەولێر لەسەرتاکانی

---

[3] Professor at the University of Salahaddin – Erbil.

[4] Assistant Lecturer and PhD students at Salahuddin University – Erbil

سەدەی بیستەم تا كۆتایی دەولەتی عوسمانی، رەنگە لەهەندێ شوێن بایەخی باسەكە وای خواستبێت ئەم تخوبەمان بەزاندبێت گەڕابینەتەوە بۆ كۆتایەكانی سەدەی نۆزدە بەلام بەشێوەیەكی گشتی تێكرای سنوری باسەكەمان لەماوەی مێژووی سێ دەیە تێپەر ناكات .

لێكۆلینەوەكان پێك هاتووە لەچەند تەوەرەیەك پێك هاتووە تەوەرەی یەكە تایبەتە بە باسكردنی جوگرافیای قەزای هەولێر، وەك شوێنی جوگرفیاو و ئاوهەواو و تۆبۆگرافیا و گرنگترین دەشتەكانی، لەتەوەری دووەم سەرنج دەخەینە سەر كشتوكاڵ و بازرگانی، لەم تەوەرەیەمان بەچەند ناونیشانێك باس لە گرنگترین بەرهەمە كشتوكالیەكانی قەزای هەولێر دەكەین كە ئەوانیش پێك دێن لە بەرهەمە بژێویەكان، بەرهەمە نەختینەیەكان، بەرووبومی میوە، بەهەمە ئاژەلیەكان، هاوكات لە دواباسەكانی ئەم تەوەرەیەمان سەرنج خراوەتە سەر گرفتە كشتوكالیەكانی قەزای هەولێر، لەتەوەرەی سێەم تیشك خراوەتە سەر سیستەمی دارایی عوسمانی و ڕەنگدانەوەی لەسەر قەزای هەولێر، تەورەی چوارەممان تایبەتە بە شیكردنەوەی جۆرەكانی موڵكداری لەقەزای هەولێر و لەدوا باس سەرنج خراوەتە بارودۆخی ئابووری قەزای هەولێر لەساڵانی جەنگی یەكەمی جیهانی .

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە چەندین سەرچاوەی رەسەن و توێژینەوەی زانستی وەرگیراوە، سەرچاوەكان هەمەچەشن و فرەزمانن، لەسەرووی هەموویانەوە سالنامەكانی ویلایەتی موسڵ كە بایەخێكی مێژوویی یەكجار گرنگیان هەیەو بلاوكراوەی فەرمی دەولەتی عوسمانی بوون، ئەوەی لەسالنامەكان باس كرابێت سەبارەت بەلانە جۆراوجۆرەكانی ئابووری قەزای هەولێر لێتۆژ سوودی لێوەگرتووە، هەروەها لەدوای ئەوەش كتێبە پربایەخەكەی توێژەری بەناوبانگی تورك ( د. سینان ) بەناونیشانی( OSMANL DONEMINDE KUZEY IRAK 1831-1914 باكوری عێراق ) لەسەردەمی عوسمانی1831-1914) كە توێژەر بە پشت بەستن بە بەلگەنامەكانی دەولەتی عوسمانی بەشێوەیەكی زانستی و شەن و كەوی بارودۆخی ئابووری لیواو و قەزاكانی باكوری عێراقی كردووە، هەندێ لە نووسینەكانی پەیوەستن بە بارودۆخی ئابووری قەزای هەولێر . بەتایبەت لەبارەی پری بەرهەمە كشتوكالیەكانی قەزای هەولێر، كە بەشێوەی داتاو ئامار دیناوە، وە لەبەرئەوەی هیچ سەرچاوەیەكی تر بەوشێوەیە بە وردی باسی برو جۆری بەهەمە كشتوكالیەكانی قەزای هەولێر نەكردبوو بۆیە ئێمە لەباسكردنی بەرهەمە كشتوكالیەكان كتێبەكەی ( د. سینان ) سەرچاوەی سەركیمانە كە پشتمان پێبەستووە، هەروەها ڕاپۆرتەكانی ئیدارەی بەریتانی لە عێراق ( IRAQ ADMINISTRATION REPORTS 1914-1932 ) كە هاوكاتی رووداوەكان بوون بێگومان ئەم راپۆرتانەش بایەخی تایبەتیان هەیە، لەپاڵ ئەو سەرچاوانە سوود لە چەند كتێبیكی كوریش وەرگیراوە كە هەندێكیان لێكۆلینەوەی زانستی و لەچوارچێوەی رێبازی زانستی لەنووسنی مێژوودا نوسراون وەك كتێبەكەی ( نەهرۆ محەمەد قادر ) بەنانیشانی ( هەولێر لەنێوان سالانی 1918-1926) كە توێژەر بەشێوەیەكی زانستی ورد لێكۆلینەوەی لە بارودرخی هەولێر كردووە لەو ماوە مێژووییە .

بێگومان لێكۆلینەوەی ئابووری پێویستی بە ئامار و داتای ئابووری هەیە لەبەرئەوە سەختترین ئاستەنگ كە رووبەرومان بەوە كەمی سەرچاوە بوو، وە ئەو سەرچاوانەی كە بەزمانەكانی تریش هەبوون، دەست كەوتن و وەرگێرنیان بۆ زمانی كوردی جگە لەماندوبوون پێویستی بەكاتێكی زۆر هەبووە .

لەكۆتایدا پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین كە ئەم كارە بێ كەم و كوری نابێت، بەلام بەهیوام كارێكی زانستی بەسودم پێشكەش بە خوێنەران كربێت .

**یەکەم : هەلومەرجی جوگرافی :**

هەولێر بەپێی هەلکەوتەی جوگرافی لە سەرەتای سەدەی بیستەم قەزایەك بووە سەر بە لیوای موسڵ لەباشووری رۆژهەلاتەوە بە قەزای کۆیەو رانیەو لە رۆژئاواوە بە سنجەقی موسل و لە باکورەوە بە قەزای رواندز دەوردراوە، رووباری زاب لە موسڵ جیای دەکاتەوە لەگەل قەزای رواندزیش دۆلی بەستۆرە جیایان دەکاتەوە ولەباشووری رۆژئاوای ناحیەی ئالتۆن کۆپری هەیە(موصل ولایتی سالنامە، 1312ه / 1894م، ص168) ئەم دابەشبوونە تا کۆتایی دەولەتی عوسمانی ماوەتەوە(قادر،، 2013 ل 14.) دوای دامەزراندنی شانشینی عێراق لەسالی 1921، هەولێرلەسالی 1923 بووە بە لیوایەکی سەربەخۆ بەپێی نەخشەی شانشینی عێراق دەکەوێتە ئەوپەری باکوری عێراق و لەسەر هێلی پانی ( 35 ) باکور و هێلی درێژی ( 42،22)ی رۆژهەلات، شارەکە بە(390م) لەئاستی رووی دەریاوە بەرزە (حسین، 2002، ص 34 )

لیوای هەولێر بە لیواکانی موسل و کەرکوك و سلێمانی دەوردراوە، لیوای موسل بە دووری ( 78)کم لە رۆژئاوای شارەکەیەو مەلبەندێکی سەرەکی ئابوویی یە لەگەل شارەکانی تری باشووری کوردستان، لیوای کەرکوك بەدووری (90 کم) لە باشوور و لیوای سلێمانی بە ( 196 کم ) دەکەوێتە رۆژهەلاتی هەولێر و قەزای دهۆك بـە (156 کم) لە باکوری شارەکەیە، رووی سنوری نێودەولەتیەوە لە باکور و رۆژهەلات لە سنوری لەگەل ولاتی ئێرانەو هەیە لەرێگەی (هاملتۆن[5]) بەشارەکانی ئورمیەو تەبریز بەستراوەتەوە(حسین،2002، ص 66) . هەلکەوتەوەی شوێنی جوگرافی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە بووە بە فاکتەری ئاسانکاری بۆ پەیوەندیەکانی بازرگانی لەگەل شارەکانی عێراق و وڵاتی ئێران(الجنابی، 1987، ص 20)

هەولێر ئاوهەوای دەریای ناوەراستی هەیە، لەهاویندا گەرم و لە زستان ساردو باراناوییە لە ناوچە چیایەکانیدا بەفریشی لێدەبارێت بەتایبەت چیاکانی(اسماعیل، 2006، ل119)، بە پێی جیاوازی رێژەی باران بارین لە سالێك بۆ سالێکی تر رادەکەی جیاوە بەلام دەکرێ بلێین بەتێکرای رێژەی باران بارین لە نێوان (200- 400)ملم دایە (چیچۆ، قادر،، 1985، ل 47)

لە رووی تۆبۆگرافیەوە دەشتێکی فراوانی هەیە کە خاکەکەی بۆ کشتوکال بەپیت و لەبارە، هاوکات دەولەومەندە بە ئاوی ژێر زەوی(اللجنە الاعلامیە لمهرجان یوم محافقە اربیل، 1987، ص 16) .

دەشتی هەولێر پێك دێت لە حەوزێکی فراوان داپۆشراو بەنیشتەنی زبرو قورو چەو لم بەرزو نزمە لەگەل بوونی دۆلێکی بچوك بۆ دابەشکردنی ئاو لەنێوان زێی گەورەو بچوك (مستەفا، 2008، ل15) سنوری ئەم دەشتە هەرچوار لای شارەکەیان داوە، لەباکوری رۆژهەلات تا باشوور بەدرێژایی (30) کم و بەپانی (24)کم و بەدەشتی هەولێر ناسراوە، لەشێوەی چەماوە دایە چیای دیدەوان دەکەوێتە بەشی رۆژئای شارەکەو بەرزایەکانی زورگەزراو دەکەوێتە باشوری (غەفور، 2005، ل42)، چیای قەرەچوغ بەشی باشوور و رۆژئاوای دەشتی هەولێر پێك دێنێ و لەگەل چیایەکە درێژدەبێتەوە تا دەگاتە شارۆچکەی گوێر وە بەشی لەباشووری رۆژئاوا درێژدەبێتەوە تا دەگاتە سەر زێی گەورە(عبدالقادر،، 2012، ل15) بەشی باکوری دەشتی هەولێر دەبێت بە دوو

---

(5) هاملتۆن یەکێك بووە لەو ئەندازیارە بەریتانیانەی سەرپەرشتی پرۆژەی دروستکردنی رێگای هەولێر – حاجی ئۆمەران ( سنووری ولاتی ئێران )ی کردووە ، پرۆژەکە لە سالی 1927 دەستی پێکراوە تا سالی 1932بەردەوام بووە، درێژی رێگاکە ( 185کم) بووە بە درێژترین و سەخترین رێگای سنوری لیوای هەولێر دادەندرێت ، تێچووی رێگاکە ( 200,000) پاوەندی ئەستەرلینی بووە بۆ زانیاری زیاتر بروانە، ا.م. هاملتن ، رێگایەك بە کوردستاندا ، و، عەلی عەبدولرەحمان عەسکەری ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر ، 2013، ل342 .

بەش، بەشێکی پێی دەوترێت دەشتی شەمامك، بەشی باشوریش پێی دەوترێت دەشتی کەندیناوە، بەرزاییەکانی زورگەزراو لێکیان جیادەکاتەوە(قادر، هەولێر لەنێوان سالانی 1914-1930، 2008، ل47)

لە رووی کارگێریەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم هەولێر قەزایەك بووە سەر بە ویلایەتی موسل بەهەمان سیستەمی کارگێر دەولەتی عوسمانی بەرێوە چووە(موراد،، 2009، ل1382 ؛ لونكريك، 1986، ص 318 ).

**دووەم / کشتوکاڵ و بازرگانی :**

دامەزراوە ئابووریەکانی قەزای هەولێر لە سەرەتای سەدەی بیستەم کە بەشێك بووە لە سیستەمی ئابووری دەولەتی عوسمانی هاوکات داهاتی تایبەتیان هەبووە ( دەباغ، 2005، ل98 )، بۆ نمونە' لەسالنامەکانی ویلایەتی موسل ئاماژە بە ناوی هەندێ لە دامەزراوە ئابووریەکان سەنتەری قەزا کراوە وەك تێدا هاتووە "**لەسالی ( 1906 ) لەناو شار ( 637 ) دوکان (5) باغ و (3) باخچەو (1546) پارچە زەوی تایبەت بە سەوزەوات و (50443)** پارچە زەوی چاندراو نەچێندراوی تێدایە بێگومان حکومەت لەهەریەك لەم یەکە ئابووریانە داهاتی تایبەتی خۆی وەك باج وەرگرتووە "(غفور، 1990، ل116)

سەبارەت بە بارودۆخی بازرگانی، دانیشتوانی ناوەندی قەزا جگە لە ئالوگۆری بازرگانی لەگەل شارو شارۆچکەکانی دەروبەر پەیوەندی بازرگانیان لەگەل ولاتانی هەرێمی و ئەوروپیش هەبووە لە ولاتی ئێران وکۆمپانیا بیانیەکان وەك کۆمپانیای مارسیلیای ئیتالی،کوتاڵ و ئاوریشم و کەلوپەلی جوانکاری هاوردەکردووە، هاوکات هەناردەی هەولێریش بۆ ئەم ناوچانە گەنم و جۆو بەروبومە ئاژەڵیەکان بووە ( های، 2010، ل105 ). دەباغەکانی هەولێر کە بنەماڵەیەکی دیاری شاری هەولێرن، ناوبانگەکەیان بۆ پیشەکەیان دەگەرێتەوە کە پیشەی دەباغی بووە لە نزیك مزگەوتی شێخی چۆلی کارگەیەکی بچوکی پیستەخۆشکرنیان هەبووە، پیستەو و خوری مەریان هەناردەی شارەکانی تری عێراق و ئەوروپا کردووە ( دەباغ،، 2001، ل61 ) .

دەربارەی بارودۆخی پیشەگەی قەزای هەولێریش هاوشێوەی تەواوی لە ناوچە کوردیەکان بەشێوەیەکی

گشتی دواکەوتوو بووە، ئەو دروستکراوانەی هەبوون زیاتر بۆ پرکردنەوەی پێداوستیە ناوخۆییەکان بوون، لەلایەکی تر لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە پیشەگەری لەدەولەتی عوسمانی رووبەرووی شالاوی هاتنی کەلوپەلی ئەوروپی بووەوە بەتایبەتیش بەریتانی، ئەمە بووە هۆی لاوازکردنی پیشەگەری ناوخۆیی (الدوسکی 2002، ص 49 ) ئەوپیشانەی لەهەولێر هەبوون بریتی بوون لە ئاسنگەری و پێلاودروو، چەخماخچی، بەرگدورو، دارتاشی، زێرنگەری، جۆلایی، خمگەری (جامباز،، 2006، ل68).

**أ / بەهەمە کشتوکالیەکان** :

**1-بەرهەمە بژێویەکان :**

بەرهەمە دانەوێلەیەکان وەك گەنم و جۆ و برنج لەپێشەنگی بەرهەمە کشتوکالیەکانی هەولێرو دەوربەری دێن، سەرچاوەیەك بە پشت بەستن بە بە ڵگەنامەکانی دەولەتی عوسمانی، لەساڵی 1906 ئاماژە بە ڕووبەری جۆرو ڕووبەری داچێندراوی قەزای هەولێر بەبەراورد لەگەل چەند قەزایەکی تر ( لەم خشتەیە روونکراوەتەوە

( Marufoglu 1998، p186 )

**ڕووبەری داچێندراوی گەنم و جۆ لە قەزای هەولێرو چەند قەزایەکی تر لەسالی 1906**

| قەزا | ڕووبەر بە دۆنم | بری بەرهەم بە (کیلە)[6] | ڕووبەر بە دۆنم | بری بەرهەم بە کیلە | ڕووبەر بە دۆنم | بری بەرهەم بە کیلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گەنم | | جۆ | | برنج | |
| هەولێر | 100.000 | 480.000 | 50.000 | 24،000 | 460 | 8000 |
| رواندز | 10.000 | 50.000 | 4000 | 24.000 | ------- | ------- |
| کۆیسنجق | 20.000 | 60.000 | 15.000 | 90.000 | ------- | ------- |
| رانیە | 30،000 | 180.000 | 15.000 | 90.000 | 1.600 | 16.000 |

ئەوەی لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە رووبەری داچێندراوی گەنم و جۆ لەقەزای هەولێر لە هەرسێ قەزاکەی تر زیاترە بەلام برشتی بەرهەم بە بەراورد لەگەل رووبەری داچێندراو لە ئاستێکی نزم دەردەکەوێت،چونکە رێژەی بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ لەقەزای هەولێر( دەشتی هەولێر) بەجۆرێك بووە دوای دابینکردنی پێداویستیە ناوخۆییەکان ڕەوانەی شارە گەورەکانی وەك بەغدا کراوە(موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1330ه / 1912، ص280) هەر بۆیە دەتوانین بلێین رێژەی باران بارین فاکتەری سەرکی بووە کە کاریگەری لەسەر بری بەرهەم کردووە هەروەك دیبلۆ ئار هەی لەبارەی بری بەرهەمی گەنم جۆ لەهەولێر دەلێت "**...لە و سالانەی کە باران پێویست داباریوە لە دەشتی هەولێر یەك دەنك گەنم لە زەوی وەرد 10-15 دەنك دەکات لە زەوی تەڕاوز 8-10 دەنك دەکات، لەدەشتی قەراج ئەگەر ساڵەکەی بەباران بێت (یەك بۆ سی )و (یەك بو چل) دەکات..** " (های، 2010، ل 102 ).

جێگای باسە ئەو گەنمەی لەهەولێر و دەوروبەری بەرهەم هاتووە یەکێکە لە باشترین جۆرکانی گەنم بەبەراورد لەگەل ناوچەکانی تری عێراق، ئەویش دوو جۆر بووە، ( ڕەشگول ) کە بۆ دروستکردنی ساوەر بەکارهاتووە، جۆری دووەمیش پێی وراوە گەنمی (قەندەهاری) بۆ دروستکردنی ئارد بەکاهاتووە(قادر، هەولێر 1914-1930،ل45).

لەقەزای هەولێر گرنگی بەچاندنی برنج دراوە بەلام بەرهەمهێنانی بەشێوەیەکی فراوان نەبووە بەڵکو سنور داربووە زیاتر ئەو بنەمالانە چاندویانە کە ئاوی تایبەتیان هەبوو لەبەرئەوەی برنج بۆ بەرهەمهێنانی برێکی زۆر ئاوی پێویستە قادر، هەولێر 1914-1930،ل46).' لە دەشتایی و

[6] کیلة یةکةیةکی ثێوانةیی دانةویَلَة بووة ، یةك کیلة بةرامبةر (812,5 ) بووة ، ثێوانةی کیلة کة لةهةولێر بةکارهاتووة دةطةریَتةوة بؤ یةکةی ثێوانةی ئیمامی ئةبو حةنیفة کة یةك کیلة دوو رطلة ی عیَراقی بووة ، یةك تةغار دانةویَلة بةرامبةر ( 30) کیلة بووة . بروانة خلیل علی موراد، دفتر تحریر مفصل واجمال ولایة أربیل ، أربیل ، 2015، ص37.

هەندێ لە ناوچە شاخاویەکان چاندراوە، ھای لەباری جۆری برنجی ھەولێر دەڵێت " **ئەم بەرھەمە لە ھەندێ ناوچەی دەشتایی و شاخاوی ھەیە، ھەموو بەرھەمەکە لەجۆری برنجی کوردی دایەو تایبەتە بەو ناوچەیە، دنکەکەی کورت و قورسە من زۆر جیاواز تری دەبینم لەجۆرە بلاوەکانی تری برنجی دونیا** " (ھای، 2010، ل 102 ).

**2- بەھەمە نەختینەیەکان :**

لەپاڵ دانەوێلەکان بەرووبەرێکی باش بەھەمە نەختینەیەکانی وەك توتن، لۆکە، کونجی، نیسك، نۆك، بەھەم ھاتوون (موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1330ه / 1912، ص280) ( Marufoglu )، 1998، p196لەسالی 1906 رێژەی بەھەمە نەختیەنەیەکان بەم شێوەیە بووە

**بەرھەمە نەختینەیەکان لە قەزای ھەولێرو چەند قەزایەکی تر لەسالی 1906**

| قەزا | رووبەر بە دۆنم | بری بەرھەم بە هۆقە | رووبەر بە دۆنم | بری بەرھەم بە هۆقە | رووبەر بە دۆنم | بری بەرھەم بە هۆقە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | لۆکە | | کونجی | | توتن | |
| ھەولێر | 2،000 | 50.000 | 160 | 1،600 | ------ | ------- |
| رواندز | 800 | 35،000 | 200 | 5،000 | 5،000 | 120،000 |
| کۆیسنجق | 5،000 | 100،000 | 25 | 7،500 | 2000 | 30.000 |
| رانیە | 2،000 | 50.000 | ------- | ------- | 30،500 | 80،000 |

ھەروەك لەم خشتەیە دەردەکەوێت، رووبەری داچێندراوی لۆکە و بری بەرھەمەکەی، قەزاکانی ھەولێرو رانیە وەك یەکە ھەرچەندە ئەم رێژەیە بە نزیککراوەییە رووبەر ( 2000) دۆنمە و بەرھەم ( 50،000) هۆقەیە[7]وە بری بەرھەمی توتن لە ناوەندی ھەولێر ھیچ برێك تۆمار نەکراوە چونکە لەناو ھەولێر ناچێندرێت بەھۆی نالەباری ئاو ھەواو خاکەکەی بەلام لە قەزاکانی رواندز و کۆیە بەشێوەیەکی بەرچاو داچێندراوە، بری بەرھەم بەبەراورد لەگەل رووبەری داچیندراو لە ئاستێکی بەرزدایە، لێرەدا دەگەینە ئەم راستیەی کە ھەرچەندە لە ھەولێر وەك ناوەندی قەزا توتن بەرھەم نەھاتووە، بەلام بازاری سەرەکی ساغکردنەوەی بەرھەمی توتنی سەرجەم ناوچە شاخاویەکانی دەوروبەری بووە، دیبلۆ ئار ھای لەبارەی شوێن و جۆری توتنی ھەولێر دەڵێت "**... لە گرنگترین بەرھەمی ئاودێری ناوچە شاخاوییەکان توتنە، لەبەر ئەو نرخە بەرزەی کەھەیەتی ھەرچی ئاو کە لە بەردەستیان ھەیە لەچاندنی توتن بەکاری دێنن وە کوردەکان**

(7)یەك هۆقة( 1283) طم واتا ( 1کطم و ، 283طم)بروانة: عماد احمد الجواهری ،، تاريخ مشكلة الاراضی فی العراق 1914-1932، ، بغداد، 1978، ص 481.

**باشترین جۆی بەکاردێنن" .(** های، 2010، ل 105) بەرهەمی توتن خواستی تایبەتی لەسەر هەبووە نەك تەنیا لەئاستی ناوخۆ بەلکو لەئاستی ولاتانی دەرەوەش بەتایبەت ولاتانی ئەوروپی، دیارترین نمونەش بوونی نوێنەری کۆمپانیای فەرەنسی (ریجی )[8]لە قەزای هەولێر کە کۆمپانیایەکی تایبەتی قۆرغکاری بازرگانی توتن بووە لە دەولەتی عوسمانی لە ساڵنامەکانی ولایەتی موسڵ ناوی نوێنەرەکانی کۆمپانیای ناوبراو بەوشێوەیە تۆمارکراوە کە ئەحمەد بەگ ، سعید اغا، عبدالحافز افندی ،عەلی رەزا ئەفەندی بوون

: (موسل ولایتی ایجون ایکنجی دفعە، 1310 ه /1892م، ص188-189 ؛ موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1312ه، ص 168 ؛ موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1325 ه / 1907، ص 135 ؛ موسل ولایتی سالنامە رسمیسیدر،1330 ه / 1912م، ص 274).

دەکرێت بلێین سەبارەت بە کردنەوەی لقی ئەم کۆمپانیایە لە قەزای هەولێر بە پێی سالنامەکانی ویلایەتی موسڵ لەسالی 1892 لقی کردۆتەوە چونکە بۆیەکەم جار لەو ساڵە ناوی نوێنەری کۆمپانیاکە لە شارەکە هاتووە [(9)].

پێوستە ئەو بزانین کە لە هیچ کام لە سنجقەکانی سەربە ویلاتی موسڵ ناوی نوێنەی کۆمپانیای( ریجی ) لە سالنامەکان نەهاتووە وە لەبەر ئەوەی توتن لەسەر ئاستی عێراق تەنیا سلێمانی و و کۆیە رواندز توتن بەهەم هاتووە بۆیە دەتوانین بگەیەنە ئەوئەنجامەی کە کۆمپانیای ناوبراو لەئاستی هەموو عێراق تەنیا لەقەزای هەولێر نوێنەری هەبووە، لەوەش دەچێت هەولێر مەلبەندی بازرگانی بێت بۆ کالای توتن کە لەهەموو شوێنەکانی تر هێنراوە بۆ هەولێرو لەوێش دراوە بەبازرگانانی تر .

### 3- بەروبوومی میوە :

سەبارەت بە بەرووبوومی میوە بە پێی ئامارێکی دەولەت لەسالی 1906ئاماژە بە بەرهەمی میوەی جۆراو جۆر دەکات لە ناوچەی هەولێرو چەند قەزایەکی تر ( Marufoglu، p201 ،1998 )بەلام هیچ ئاماژە بە ناوەندی قەزا ناکات، ئامارەکان بەم شێوەیەن :

| قەزا | بری بەرهەم بە هۆقە | بری بەرهەم بە هۆقە | بری بەرهەم بە هۆقە | بری بەرهەم بە هۆقە | بری بەرهەم بە هۆقە | بری بەرهەم بە هۆقە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گوێز | قۆغ | سێو | هەرمێ | هەنجیر | باوی |

---

[8] لەسالی 1883 رێکەوتنێکی ئابووری لەنێوان دەولەتی عوسمانی و کۆمپانیایەکی فەرەنسی بەناوی (ریجی ) ، سەبارەت بەرهەمی نەختینەی توتن مۆرکرا ، رێکەوتنەکە لە(25) بەندێك هاتووە ، کە تیایدا مافی بازرطانی کردنی توتن و جطەرە بەهەموو جۆرەکانی و ض لەئاستی ناوخۆ یان دەرەکی بۆ ماوەی ( 30) سال درا بە کۆمپانیای ناوبراو ، لەبەرامبەردا کۆمپانیاکە دەبوو بری ( 750000) لیرە وەك باج بدات بەدەولەتی عوسمانی ، لە سالی 1884 کۆمپانیاکە بەبری سەرمایەی ( 242) ملیۆن قرش دەستی بەکارەکانی کرد ، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: علی محمد علی حبیب ، التبغ فی الدولة العثمانیة من اواخر القرن السادس العشر حتی قیام الحرب العالمیة الاولی ، رسالة الماجستیر (غیر المنشورة )، جامعة الاسکندریة ، اسکندریة ، 2015،ص ص192 -195

(9)بەپێی ئاماری داینشتوانی هەلێری سالی 1922، کە ناوی سەرجەم دانیشتوانی قەلای تێدا تۆمارکراوە ، حاجی ئەحمەد ئاغا تەها ئاغای حەویزی و ، سعید ئاغا تەها ئاغای حەویزی ،کە هەردووکیان برا بووینە ، بریکارەکانی کۆمپانیای ریجی بوون یەکەمیان لەسالی 1869 و دووەمیان لەسالی 1865 لەدایك بووە ، بروانە تاریق جامباز ، نەژاد بەرزنجی ،ئاماری دانیشتوان هەولێر 1922 سەرای ، تەکیە ، تۆپخانەوە، سلێمانی ، 2006، ل68.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ------- | -------- | --------- | ------- | ------- | ------- |
| رواندز | 75،000 | 2000 | 5000 | 3000 | 40،000 | ------- |
| کۆیسنجق | 200.000 | 20،000 | 5000 | 5000 | 5000 | 4000 |
| رانیه | 40،000 | 20،000 | 15،000 | 10،000 | ------- | ------- |

جێگای ئاماژەیە دیبلۆ ئار های لەبارەی ساغکردنەوەی بەهەمی میوەجاتەکان و چۆنیەتی ئالۆگۆرکردنیان لە شاری هەولێر و دەوروبەری دەلێت "**زۆرجار میوەجاتەکان لە ناوچە شاخاویەکان هاتۆتەناو شار بەرهەمی تر بەتایبەت دانەوێلەکان وەك گەنم و جۆ ئالوگۆریان پێکراوە**" ( های، 2010، ل 108 ) هەروەها مازوو و کەتیرە دوو بەرهەمی نەختینەی بوون خواستی زۆریان لەسەر بووە بەتایبەت لەولاتانی دەرەوە، لەرێگەی بەغداوە هەناردەی ولاتانی ئەوروپا کراوە، مازوو بۆ پیستە خۆشکردن بەکارهاتووە وە سەرچاوەیەکی داهاتی گەروەبووە بۆ حکومەت چونکە حکومەت بەپێی یاسا بۆی هەبووە داهاتی دە یەکی بەرەهەمەکە ببا چ چێندراو یان سروشتی، وە کەتیرەش جۆرێك لە گژوگیا بووە لە بەرزایی وگردەکان رواوە (های، 2010، ل 106)

پێویستە ئەوە بزانین بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمە کشتوکالیەکانی هەولێر دابەش دەبن بۆ بەرهەمەکانی هاوینەو زستانە، لەچاندنی گەنم و جۆ پشت بە ئاوی باران دەبەستێت بۆیە هەمیشە لەپایزان لەدوای باران بارین گەنم و جۆ داچێندراوە (های، 2010، ل 106 ؛ قادر، هەولێر 1914-1930، 45 )بەرهەمی هاوینەش لەرێگەی هەڵکەندنی جۆگەی ئاو و ناعور و ئاوی کارێزەکان چاندراوەو شینایی و باغ و بێستانی لەبەرکراوە، وە هەندێ جار زەویەکان پێش ئەوەی دابچێندرێت ئاو دراوە پێان وتووە ( رەباس ) بۆ ئەوەی زەویەکە هەرچی گژوکیای زیانبەخش هەیە شین ببێت ئینجا دواتر کێلدراوەو بۆ ئەوەی گژوگیایەکە لەناوبچێت ئینجا زەویەکە تۆکراوە ئەم شێوازە لە بەرهەمهێنان وایکردووە زەویەکە بەبرشتبێت و بەرهەمی زیادبێت (های، 2010، ل 106) وە لەبەرئەوەی بەرهەمەکانی هاوینە زیاتر پێویستیان بەئاو هەیە و سەرچاوەکانی ئاوی هەولێریش زۆربەیان مولکی تاکەکەس بوون تەنیا دووانیان نەبێت مولکی گشتی بووە، بۆیە جوتیاران دەبوو لەبەرامبەر دابینکردنی ئاو کرێیان بدایە بەخاون مولکەکان، لەسەردەمی ئیدارەی بەریتانی نرخی یەك جۆگە (12000) روپیە بووە کە بەرامبەر ( 1000) جونەهی ئستەرلینی بووە لە گرنگترین بەرووبوومە هاوینیەکانی هەولێر جگە لە سەوزەکان، نۆك، پاقلە، نیسك بەشێوەیەکی بەربلاو چاندراوە( های، 2010، ل 103) لەساڵی 1906 لە رووبەری (320) دۆنم زەوی نۆك بری (30،200) کیلە بەرهەم هاتووە، لە ڕووبەری(320) دۆنم زەوی بۆ بەرهەمی پاقلە بری (26.880) کیلە بەرهەم هاتووە، لە (3200) دۆنم زەوی نیسك بری (384000)کیلە بەرهەم هاتووە( Marufoglu، p197 ،1998)، ئەوەی جێگای سەرنجە لە کۆی بەرهەمە پاقلەمەنیەکان بری رووبەری تایبەت بە بەرهەمی نیسك بە بەرواد لەگەل بەرهەمە پاقلەمەنیەکانی تر بەشێوەیەکی فراوانتر چاندراوە و بە لەرووی بەرهەمیشەوە لەهەموو بەرهەمەکانی تر زیاترە .وە هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆزۆری بەکارهێنانی، وەخۆراکی سەرەکی بووە لە وەرزی زستان .

## 4- سامانی ئاژەڵ :

سامانی ئاژەل بەشێکی گرنگی کەرتی ئابووری هەولێریان پێکهێناوە، لەدیارترین ئاژەلەکانی هەولێر، مەر و بزن و رەشەولاغ بووە، بەشێوەیەکی بەربلاو بەخێوکراوە، لەبارەی رێژەی ئاژەل لە قەزای هەولێر لەساڵی 1906 ژمارەی مەر و بەرخ لەپلەی یەکەم هاتووە بە(228000)سەر

خەملێندراوە و بزن بە پلەی دووەم ( 30352)سەر بەخێو کراوە لەدوای ئەمیش مانگا بەرێژەی ( 1800) سەرو، گامێش (800)سەر بەخێوکراوە هاوکات ژمارەی پەلەوەرکان بەهەموو جۆرەکانی ) وە هەندێ لە ئاژەلدارەکانی Marufoglu، 1998، p206بە نزیکەیی ( 590000) تۆمارکراوە( گەرمیان و کوێستانیان کردووە واتا لەسەرەتای وەرزی هاوین روویان لە کوێستانەکان کردووە بەمەبەستی دابینکردنی لەوەرگا لەوەرزی زستان گەراونەتەوە گوندەکانیان (موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1310ه / 1892، ص189)

لە گرنگترین بەرهەمە ئاژەلی و پەلەوەریەکانی هەولێر بریتی بووە لە، ماست، پەنیر، ژاژی، قەیماغ، گۆشت و خوری و موو پێستەی ئاژەل و هیلکە بووە( چاوشلی، 1987، ل 41). بری بەرهەمە ئاژەلی و پەلەوەریەکانی قەزای هەولێر لەسالی 1906 بەم جۆرەی خوارەوە بووە : Marufoglu)، 1998، p205)

| جۆری بەرهەم | شیر | پەنیر | کەرە | خوری | مووی بزن | پیستەی بزن | پیسەی گامێش | هێلکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بری بەرهەم بە هۆقە | 1000000 | 150000 | 100000 | 250000 | 20000 | 2000 | 1000 | 4200000 |

وەك دەردەکەوێت ژمارەی ئاژەل بەبەراورد لەگەل بری بەرهەم لێك نزیکە بەرهەمە ئاژەلیەکان دوای دابینکردنی پێداویستی ناوخۆ ئەوەی زیاد بووە هەناردەی شارەکانی تری عێراق و ولاتانی دەرەوە کراوە، لەلایەکی ترییش هەولێر بەهۆی ئەوەی شوێنەکەی تەخت و زیاتر دەشتاییەو ئەمەش وایکردووە دەرفەتی هاتوچۆکردنی ئاسانبێت، ببێتە خالی بەیەکگەیشتنی بەرهەمەکانی ناوچە شاخاوییەکان و دەشتەکانی دەورووبەری ناوەندی قەزا بووە ئەمەش لەئاستی ناوخۆی شارەکە جموجۆلی کرین و فرۆشتنی گەرم و گورتر کردووە، مەڵبەندێکی سەرەکی بووە لە رێگەی بازرگانی ناوخۆی نێوان شارەکانی بەغدا، کەرکوك، پردێ، هەولێر، موسل (عبدالقادر، 2012، ل 58) وە لەگەل ئەوەش هەولێر چەند رێگەیەکی تری گرنگی بازرگانی هەبووکە قەزاکەی بەستۆتەوە بە وڵاتانی دەرەوە لەوانە رێگەی هەولێر، رواندز، ورمێ، تەبریز،کە ئەمە زیاتر بەئارستەی باکوری رۆژهەلاتی شارەکە بووە (عبدالقادر، هەولێر 1914-1930، 2008 ل47)رێگەی هەولێر، پشدەر، قەلادزێ،ورمێ، بانە، رێگەی هەولێر، کۆیە، سلێمانی (عبدالقادر، 2012، ل 58 ) ئەمانەش هەموو هۆکاری سەرکی بوون بۆ پێشکەوتنی کاری کرین و فرۆشتنی ناوبازارو جموجۆلی بازرگانی لەگەل ناوچەکانی دەرەوەی قەزا، ئەمەش دەولەمەندی لایەنی ئابووری شارەکەمان بۆ نیشان دەدات (موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1330ه / 1912م،ص280) .

## 5- گرفتە کشتوکایەکان :

جێگای ئاماژەیە چەند فاکتەرێك كاریگەریان هەبووە لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و زیادکردنی ڕێژەی بەرهەم، هەندێ لەم فاکتەرانە سروشتی بوون ولەتوانای مرۆڤ بەدەربوون وەك دیاردەی وشکەساڵی و بێ بارانی (هەروتی، 2013، ل 159)، بۆ نمونە لەسالی 1917 بەهۆی وشکەساڵی گرانی نرخی لەبازارەكان بەدوای خۆی هێناوە بەتایبەت دانەوێلەکان خەلك لەشاری هەولێر لەدۆخێكی ئابووری سەخت ژیاون برسیەتی بەشێوەیەكی فراوان مەترسی بۆ سەرژیانی خەلك دروستکردووە هەرلەبەر ئەمەش تاوەكو ئێستاش ئەم ساڵە بەسالی گرانی گەورە ناسراوە(موفتی، 2009،ل1312 )

لەگرفتە کشتوکالیە باوەکانی تر بریتی بوون لە مەترسیەکانی هاتنی مێروو وزیندەوەرە زیانبەخشەکانی وەك هێرشی کوللۆ کە لەکاتی پێگەیشتنی دەغلودان بەهەزاران لەشێوەی شەپۆلی دەریا شالاوینانهێناوە تەڕ و وشکی بەهەمەکانیان خواردووە،زۆرجار شاڵاوەکانی کوللۆ ناوچەیەکی بەرفروانی گرتۆتەوە بە هەزاران جوتیار لەبەری ڕەنجی خۆیان بێبەش بوون هەروتی، 2013، ل 162) .

هەروەها بلاوی نەخۆشیە کشتوکالیەکان بەتایبەت نەخۆشی (سن) ئەوەیان زیندەوەرێکی بچوك بووە، لەو سالانەی زستانەکەی سەرماو سۆلەکەی زۆر توند نەبووە بەفرو باران زۆر نەباریوە، زۆر بەخێرایی گەشەی کردووە، زیانی زیاتر بەو دانەویلانە گەیاندووە کەهێشتا سەورز بوون و دانەکەی بەتەواوی ووشك نەبووە،لەسالی 1920 دەشتی هەولێر ڕووبەرووی ئەم مەترسیانە بۆتەوە لەوبارەیەوە دیبلۆ ئار های نوسیویەتی " ...**سن مەترسی ترین نەخۆشیە بەرووبومی کشتوکاڵی ناوچەکە لەناو دەبات، کاریگەری زۆرخراپی هەیە لەسەر گەنم بەتایبەت گەنمی قەندەهاری، جوتیاری کورد نازانێت چ بکات بۆ ئەوەی لەو کێشەیە دەربازی بێت** ".(های، 2010، ل 100 )

هۆکارە مرۆیەکانیش فاکتەێکی ترن کە کاریگەری لەسەر بارو گوزەرانی جوتیارن هەبوو بەتایبەتی سیاسەتی دەولەت و پشت بەستن بە سیستەمی دەرەبەگایەتی وە خودی دەولەتەکە هەر لەسەرەتاوە لەرووی ئابووریەوە لەسەر بناغەیەکی دەرەبەگی دامەزرا (خصباك، 1973 ص23). وە پەیرەوکردنی سیستەمی پشتاو پشت لەسەر خاوەنداریکردنی مولکەکاندا بۆتە هۆی ئەوەی دوای مردنی دەرەبەگەکە زەویەکە بۆ نەوەکانیان بمێنتەوە هەرچەندە سیستەمی دەرەبەگی لە کوردستان تایبەمەندی خۆی هەیە (شامیلوف، 1984، ص64 ؛ الوائلی، 2013، ص81).

بەلام لەگەل ئەوەش ژیانی جوتیاران ژیانێکی ناهەموار بوو، نەی دەتوانی لەرێگەی ئەوبەرهەمەی سالانە دەستی دەکەوت پێداویستیە سەرەتاییەکانی خۆی دابینبکات (ئەسەسەرد، 1986، ل20-22) دەرەبەگەکان باجی (دە یەکیان) لە جوتیارەکان وەردەگرت کە پێان وتووە ( بەگانە ) کە ئەم باجە جگە لە دانەوێلە لە باغەکانی میوەش وەرگیراوە کە پیان وتووە ( ئەملاکانە )، بۆ هەر یەك درەختی میوەی بەردار ( 4) قرش [10] وەك باج وەرگیراوە (عماد احمد الجواهری، 1978، ص51. )

ئەوەی زیاتر جوتیارانی هەراسانکردووە هەلسوکەوتی باجگرەکان بووە زۆرجار باجەکانیان وەك خۆی نەداوەتە حکومەت، سەرەرای ئەوەش ژمارەی گوندەکانی دەرەبەگەکان دیاریکراو بووە، زۆرجار دەرەبەگەکان لە دەرفەت گەراون تا لەورێگەیەوە بەلێندەرایەتی وەرگرتنی باجی چەند گوندێکی تریش وەربگرن بۆ ئەوەی زیاترخەلکی گوندەکان بچەوسێننەوە (موراد، مختارات، 2005، ص138-142)

---

(10)قروش، ئارةيةكى سةردةمى عوسمانية ، نرخى يةك قروش دةكاتة نؤ فلس بووة بةرامبةر ئارةى عيَراقى ، بروانة عباس عزاوى، تاريخ النقود العراقية ، بغداد، 1958، ص 141-142.

لەهەولێر سەرباری ئەم هۆکارانە چەند فاکتەرێکی تریش هەبوون کە زیاتر بارودۆخی جوتیاری خراپتر کردووە لەوانە بەهۆی نەبوونی بانکی کشتوکالی لەگەل پیشتر دەولەتی عوسمانی لقێکی بانکی کشتوکاڵی لەشاری هەولێر دامەزراندبوو وەك ئاماژەمان پێدا، بەلام دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و روخانی دەولەتی عوسمانی ئەم دامەزراوەیەش وەك سەرجەم دامەزراوەکانی تری عوسمانی نەما ئەمەش وایکرد جوتیار هانا بۆ دەرەبەگ و خاوەن سامانەکان بیات بۆ ئەوەی برێك پارە قەرزبکات بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیە کشتوکالیەکانی وەك بنەتۆ یان کرینی گاسن بۆ ئەوەی زەوی پێبکێلێت، ئەمەش لەلایەکی تر هەلی بۆ سەرمایەدارو دەرەبەگەکان رەخساند زیاتر سود لە داهاتەکانی جوتیاران ببینن و زیاتر بیانچەوسێننەوە تەنانەت هەندێ جار وا رێکەوتووە بەرهەم بەپێی پێویست نەبووە جوتیارەکە نەیتوانیوە قەرزەکە بداتەوە سەرئەنجام ناچاری وازی لە زەویەکەی هێناوەو ولەبری قەرز بۆ خاوەن قەرزەکە جێهێشتووە، دیبلۆ ئار های لە بارەی ئەم دیاردەیە دەلێت " **دەرەبەگ و سەرمایەدارەکان توانیان لەو رێگەیەوە دەست بەسەر زۆربەی زەویەکشتوکالیەکان دابگرن** " ( های، 2010 , ل108)_

بەریتانیا دوای داگیرکردنی کوردستان لەسەرەتا لە سیاسیەتی دارایی و مافی خاوەنداری کردنی زەویە کشتوکالیەکان پارێزگاری لە هەمان سیاسەتی دەولەتی عوسمانی کرد، سیستەمی دەرەبەگایەتی بەهێزترکرد، بەمەبەستی ئەوەی هۆزەکان زیاتر پەیوەست و ملکەچ بکات بە دەستەلاتی بەریتانی( الحاج، 1985، ص58.)

جێگای ئاماژەیە دەولەت بەچەند شێوەیەك باجی وەردەگرت لەوانە باجی هاتوچۆ کەزیاترناسرابوو بەباجی بچوك لە تێکرای ئەو کالاو بەرهەمە سروشتیانە وەردەگیران کە لەناوچەیەك دەگوازرانەوە بۆ ناوچەیەکی تر هەروەها باجی مولکەکانی میری لەشارەکان هەر دەچووە ئەو خانەیەوە، باجی مولکانە، لە تێکرای مولکی شارەکان وەردەگیران بەلام زەویە کشتوکالیەکانی نەدەگرتەوە، هەروەها باجی ئاژەلداری و باجی بەرهەمە کشتوکالیە جۆراوجۆرەکان کە لەشێوەی دە یەك( 10/1) وەردەگیرا (متشاشغیلی، 1978، ص210).بەپێی راپۆرتەکانی کارگێری بەریتانی لەسەردەمی ئیدارەی بەریتانیش تەنیا باجی رێگە بۆ گواستنەوەی بەرهەمی دار جگە لە باجەکانی تر لە نیسانی 1919 تا ئازاری 1920 ( 1180700) روپیە بووە ( IRAQ ADMINISTRATION REPORRTS K. 1992. P18 )

هەولێریش لەو سیاسەتە بەدەر نەبوو نەك هەر ئەمە زۆرجار ململانێی و شەری عەشائیری لەنێوان خودی دەرەبەگەکانیش روویداوە لەسەر مافی خاوەندایکردنی زەویە کشتوکالیەکان، وەك جێگری حاکمی سیاسی بەریتانی لەهەولێر ئاماژەی پێدەکات لەسالی 1919لەنێوان ئاغاکانی دزەیی و ئاغاکانی گەردی ململانێی زۆر هەبووە لەسەر مافی خاوەنداریەتی زەویەکان (الجواهری، 1978،ص123).

سەرەرای ئەوەش دواکەوتووی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و چ ئامێرەکانی کێلان یان دروێنە هێندەی تر دۆخەکەی ئالۆز کردووەکەرستەکانی بەرهەم هێنان زۆر سەرەتایی بوون بەمەش پێویستی بەکاتی زۆر هەبووە و ئەمەش لەتوانای جوتیاری کەمکردۆتەوە بۆنمونە تەنیا دوورینەوەی گەنم لە هەولێر لە مانگی ئایار دەستی پێکردووە بەچەندین قۆناغ تێپەریووە تا مانگی ئەیلول بەردەوام بووە لەگەل ئەوەی جوتیار بەتەنیا ئەم کارەی نەکردووە بەلکو بەهەروەزی و وئافرەتان و مندالانیش لەگەلی بەژداربوون ( موراد،موختارات 2005، ص 139)،بەشێوەیەکی کشتی هەموو ئەو هۆکارەانە کاریانکردۆتە سەر یرو جۆری بەرهەم و سەرئەنجام رەنگدانەوەی خراپی لەسەر ژیانی جوتیاران دروست کردووە .

**سێەم- سیستەمی دارایی :**

لەقەزای هەولێر هەمان سیستەم و بنەماکانی دارایی دەولەتی عوسمانی هەبووە، لە ساڵی 1893 تا کۆتای سەردەمی دەولەتی عوسمانی پەیکەری بەرێوەبردنی دارایی لەدەولەتی عوسمانی بەوشێوەیە بوو، دەفتەر دار، بالاترین دەستەلاتی دارایی هەبوو، لە ویلایەتەکان بەرێوەبەری دارایی و بەرپرس بوو لەبەردەم والی و پیاوماقولان و هەمان جیاوکی پلە بالاکانی دەولەتی هەبوو وەك قازی و ئەوانی تر، وە ئەندامی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی ولایەت بووە(الشجری،2005، ص15.) هاوکات بەرپرسی گشتی چەند هۆبەیەکیش بوو لەوانە :

- هۆبەی تێچووەکان، کە بەرێوە دەبرا لە لایەن باش کاتب و شەش ژمێریار.
- هۆبەی بەرژەوەندیەکان، بەرێوەدەبرا لەلایەن باش کاتب و (12) فەرمانبەر .
- هۆبەی وەقف، بەرێوەدەبرا لەلایەن نووسەرێك (کاتب) .
- هۆبەی ژمیریاری کۆن ( الحسابات القدیمه ) بەرێوەدەبرا لەلایەن فەرمانبەریك و یاریدەدرێك .
- هۆبەی خەزێنە، بەرێوەدەبرا لەلایەن فەرمانبەرێك نازناوی ( امین سندوق) ی بوو (علی، 1998،ص50 ).

بەرێوە بردنی کاروباری دارایی لەقەزاکان لەلایەن بەرێوەبەری دارایی بەرێوە دەبرا وە بەرپرس بوو لەبەردەم بەرێوەبەری دارایی ولایەتەکان (دفتەر دار )وە لەسەر پێشنیاری بەرێوەبەری دارایی ولایەتەکان بەفەرمانی والی دادەمەزرا ( الشجری، 2005، ص16) بەرپرسی کاروباری دارایی هەموو قەزاکە بوو، هەرچی سەبارەت بە ناحیەکان و گوندەکان هیچ فەرمانبەریکی تایبەت بە کاروباری دارایی نەبووە، بەلکو سەر جەم ناحیەو گوندەکان لە کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە رێوشوینی دارایی و کۆکردنەوەی باج راستەخۆ لەلایەن کارگێری دارایی قەزا بەرێوە براوە( لونکریك،تاریخ العراق، 1988، ص69 ).

جێگای ئاماژەیە لە هەر قەزایەك چەند فەرمانبەرێکی دارایی هەبوون کە لەرووی کارگێریەوە راستەوخۆ پەیوەست نەبووە کارگێری لیواکان بەلکو راستەوخۆ پەیوەست بوون بەسیستەمی کارگێری پایتەختەوەو راستەوخۆ لە ئەستەمبۆلەوە فەرمانیان بۆ هاتووە، بۆ نمونە فەرمانبەرانی تایبەت بە کاروباری زەوی مولکەکانی سولتان یان فەرمانبەرانی کۆمپانیای( ریجی) کە کۆمپانیای تایبەت بە بەرهەمی نەختینەیی توتن وە چەندانی تر(الشجری، 2005، ص17)

سەبارەت بە قەزای هەولێر لە سالنامەکانی ولایەتی موسل ئاماژە بە ناوی هەندێ کەسایەتی کراوە کە بەرپرسی دارای قەزاکە بووە وەك وەلیەدین ئەفەندی ، زەینەل ئەفەندی ، عباس افندی، محمود جلال الدین افندی (موسل ولایتی سالنامەسی، 1308 ه /1890م، ص 142 ؛ موسل ولایتی ایجون ایکنجی دفعه، 1310 ه /1892م، ص188-189 ؛ موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1312، ص168 ؛ موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1325 / 1907م،ص135 ؛ موسل ولایتی سالنامە رسمیسیدر،1330 ه / 1912م، ص274).

**چوارەم - مولکداری زەوی :**

زەویەکانی قەزای هەولێر و چۆنیەتی بەرێوەبردنیان وەك لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە بریتین لە سێ جۆربوون ئەوانیش:

1- زەوی میری ( الاملاك الامیریە ) ئەو زەویانە وتراوە کە مولکی دەرەبەگەکان بوون،ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ دوای رێکەوتنی میرنشینە کوردیەکان لەگەل دەولەتی عوسمانی، دەولەت رازی بووە ئەو زەویانە ببێت بە مولکی ئەوان بەمەرجێ لەکاتی پێویست سەربازیان بۆ ئامادەبکەن

بەهەموو پێداویستیەکانی شەر بۆ پالپشتیکردن لەدەولەتی عوسمانی، دواتر ئەم زەویانە بەرە بەرە بەشێوەی پشتاو پشت بۆیان دەمایەوە، وە دەرەبەگەکان باجی ئەو زەییانەیان بەپێی نەریتی خۆیان کۆدەکردەوە و زەویەکانیان لە تۆمارە تایبەتیەکانی دەولەتی عوسمانی تۆمار نەکراوە، بەلام لەبەرامبەر ئەوە دەبوو ساڵانە برێك باج بدەن بەدەولەت(هەروتی، 2013، ل 140) .

2- زەوی ( تحرير ) ئەو زەوییانەبوو لەتۆمارەکانی دەولەتی عوسمانی تۆمارکرابوون، بەناوی ئەوکەسانە تۆمارکرابوون کە کاریان لەسەرکردوە، ئەمانە دەبوو راستەوخۆ باج بدەن بەدەولەت (ئەسەسەرد، 1986، ل 20-22) بێگومان هەولێریش لەم بریارە بەدەرنەبووە.

3- زەوی خەواسی هەمایون ( الاملاك السنيه ) ئەم زەویانە مولکی سولتان بوون، دوای ئەوەی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم ( 1876-1909) بەشێکی زۆری لە زەویە کشتوکایەکانی کرد بە مولکی خۆی قەزای هەولێریش رووبەرێ:ی فراوانی زەوی کشتوکاڵی بەمولکی تایبەتی خۆی تۆمارە کردوە، داهاتی ئەم زەویانەش راستەوخۆ خراونەتە سەر خەزێنەی تایبەتی سولتان، هەروەها ئەم جوتیارانەی لەسەر زەویەکانی سولتان کاریان کردووە جیاوکی تایبەتی خۆیان هەبوو (الشجری،2005،ص24) زەویەکانی خەواسی هەمایون لە سنوری قەزای هەولێر بەشی زۆریان دەکەونە سنووری گوندەکان، بە پێی نووسراوە فەرمیەکانی دەولەتی عوسمانی ژمارەی گوندەکانی قەزای هەولێر ( 300) گوندە کە ( 70) یان لە دەوروبەری قەزاکە بووە، ئەوانی تر دابەشبوونە بەسەر ناحیەکان ( 48) گوند سەربە ناحیەی سولتانیە و (60) گوند سەربە ناحیەی دزەیی و (120) گوند سەر بە ناحیەی شەماك بوو (غفور،، 1990، ل120) بەلام پێویستە ئاماژە بەو بکەین کە دوای کودەتای کۆمەڵەی ئیتحادی لەسالی 1908، یەك لە گرنگترین گۆرانکاریە ئابووریەکان کە ڕەنگدانەوەی لەسەر هەولێر هەبووە ئەوەیە کە بریاردرا بە گەرانەوەی سەرجەم زەویەکانی خەواسی هۆمایون ( الاملاك السنيه ) بۆ سەر مولکی دەولەت (الجواهری، 1978، ص 44 ) .

سەبارەت بە بەرێوەبردنی کاروباری زەویەکانی خەواسی هەمایون هەروەك لە سالنامەکانی ویلایەتی موسل ئاماژەی پێکراوە سەرپەرشی کاروباری کارگێری و دارایی زەویەکانی (سەنیە) لەلایەن دەستەیەکی کارگێری بەرێوەبراوە پێکهاتووە لە یەك مەئمورو دوونوسەرو ئەمینداری سندوق و تەحسیلدار، بنکەی سەرەکیان لە شەمامك بووە بەلام لەقەزای هەولێریش مەئمورێك و دوونوسەری تایبەت بە زەوی (سەنیە )هەبووە(موراد، 2009، ل1382)

4- زەوی وەقف، کە پارچەیەك زەوی یان چەند دوکانیك یان شوێنێکی بازرگانی بووە کە تایبەت کراوە بە خزمەتکردنی دامەزراوەیەکی ئاینی، واتا داهاتی ئەم زەویە تەرخانکراون بۆ دابینکردنی پێداویستیە دارایەکانی شوێنە گشتیەکان کە زیاتر دام و دەزگا ئاینیەکان بوون (الجواهری، 1978، ص 44) کاروباری وەقف لەرووی کارگێریەوە بەرێوەبەرایەتی تایبەت بەخۆی هەبوو، بارەگای سەرکی لە لیواکان بووە لە سنجقەکانیش لقی هەبووە،کە لەلایەن چەند فەرمانبەریکی تایەت بەکاروباری وەقف بەرێوەبراوە، کە بە پلەکانی( بەرێوەبەر، ژمێریار، ژمێریاری داهاتەکان ) کاریانکردووە، لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدە بەرێوەبردنی کاروباری وەقف خراوەتە ئەستۆی قازیەکان و بەیارمەتی پیاو ماقولان و بەرێوەبەری قوتابخانە ئاینەیەکان بەرێوە براوە ( الشجری، 2005، ص17)

سەبارەت بە قەزای هەولێر لەسالنامەکان ئاماژە بەناوی ( سلێمان ئەفەندی ) کراوە وەك بریکاری کاروباری وەقف (موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1312ه / 1894، ص 167 ) دەتوانین بڵێین جگە لەو سێ جۆر زەویەی کە باسکراو لەهەولێر هەبووە، زەویەکانی وەقف بە چوارەم جۆری زەویەکانی قەزای هەولێر دابنێین .

لەپێناو گەشە پێدانی کشتوکالی لە ناوچەکانی کوردستان لە قەزای هەولێر هۆبەیەکی تایبەتی کراوەتەوە بەناوی هۆبەی کشتوکالی کە ( بانکی کشتوکالی ) ناسراوە قەرزی بچوکی داوە بە جوتیاران، ئەم بانکە بەڕێوەبەرووچەند کارمەندێکی هەبووە ئەرکەکانیان رایی کردووە لەوانە ( سلێمان ئەفەندی – سەرۆك، بەئەندامیەتی هەریەکە لە تەها ئاغا، سالح ئەفەندی، موختار ئەفەندی، حسین ئەفەندی، حسین ئەفەندی، مستەفا ئەفەندی نوسەری ژمێریار و ئیسماعیل ئەفەندی تەحسیلدار (موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1312ه / 1894، ص 168) ئەم قەرزە بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی سەرشانی جوتیاران بووە، سالانە رێژەی(12 % ) سوی هاتوتە سەر، بەلام بەبەراورد لەگەل بازرگانانی شار سووی جوتیاران زۆرکەمتربووە، دیارە مەبەستی حکومەت لەدانانی ئەم بانکە کەمکردنەوەی ئەرکی سەرشانی جوتیاران بووە بۆئەوەی دەولەمەندانی شار جوتیاران نەچەوسێننەوە(قادر، هەولێر 1926-1939، ل22-23 )

**پێنجەم / بارودۆخی ئابووری هەولێر لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانی :**

بارودۆخی ئابووری قەزای هەولێر لە سالانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، هاوشێوەی لە بارودۆخی تەواوی کوردستان بووە، برسیەتی و قات و قڕی بە ئەندازەیەك بلاوبەوە مەترسیان لەسەر ژیانی مرۆڤەکان دروست کرد  کە هۆکاری سەرەکی سەرهەلدانی ئەم قەیرانە مەترسیدارە پەیوەندی هەبوو بەسیاسەتی دەولەتی عوسمانی ژمارەیەکی زۆری جوتیار و کرێکارەکانی بۆ بەرەکانی شەر بەزۆرەملێ راپێچکرد (قادر، هەولێر1926-1930، 2013، ل 29)، هەروەها ژمارەیەکی تریش لەترسی گرتن و راپێچکردن رایانکرد بۆ ناوچە دوورە دەستەکان و لە ناوچە شاخاویەکان خۆیان حەشار دابوو ( خواجە، 1986، ل85). ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەشێکی بەرچاوی زەویە کشتوکالیەکان دانەچێندراو بەبەیاری مانەوە، هەرەسهێنانی دەستی کار لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی گشتی، بووە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمە ناوخۆییەکان بەتایبەت بەهەرهەمە بژێوەیەکانی وەك گەنم و جۆو برنج، لەلایەکی تر لەئاستی بازرگانی دەرەکیش بەهۆی مەترسی لەسەر رێگا بازرگانیەکان وە تێکرای هۆکارەکانی بەرهەمهێنان خرانە خزمەت کەرتی سەربازی سەرئەنجام جموجۆلی بازرگانی بەتەواوی پەکی کەوت (ئەحمەد، 1975، ل84)

سەرباری ئەمەش ئەوەی زیاتر مەترسی لەسەر ژیانی خەلك دروستکرد و ئاوی گۆمەکەی زیاتر لێل کرد بوونی دیاردەی وشکە سالّی و باران نەبارین بەتایبەت لەسالی 1917 کە لەلای دانیشتوانی قەزای هەولێر بەسالّی گرانی گەورە ناسراوە( وەك ئاماژەمان بۆ دا )،.سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە برسیەتی بەشێوەیەك گروتنینی بۆ خەلك هێناوە خەلك هانای بۆ هەندێ خواردن بردووە کە هی مرۆڤ نەبوون یان هەندێ رویان لەدەشت و شاخەکان کردووە بۆ ئەوەی گژوگیا بخۆن، یان هەندێ خەلك لەتاو برسیەتی گۆشتی ئاژەلە رێپێنەدراوەکانیان خواردووە (کریم، 2003، ص 70)

بێگومان ئەم بارودۆخە سەخت و ناهەموارە تەنیا خەڵکی سڤیلی نەگرتۆتە بەلکو سەربازانی دەولەتی عوسمانیش رووبەرووی هەمان قەیران بونەتەوە شاکر فتاح لەبارەی رەوشی سەربازانی عوسمانی دەلێت " لەبیرمە سەربازەکان خۆیان گالیسکەکانیان رادەکێشا، لەبەرئەوی بارگینیان نەمابوو، ئەسپەکان هەندێکیان بەهۆی نەبوونی ئالیك لەبرسان مردبوون هەندێکیشیان لەلایەن سەربازەکانی عوسمانی سەربرابوون بۆ خواردن"( فتاح، 2003، ل31)لەبەر تاوی برسیەتی بە شارو گوندو ئاواییەکان سوڕاونەتەوە لەهەر شوێنی هەستیان کردبێت خەلك دانەوێلەی حەشارداوە رویانتێکردووە بەزۆر بردویانە(حوسێن، 2009، ل26)لەبەرامبەر ئەوەش خەلك بۆ پاراستنی بەرهەمەکانیان لەماڵەکانیان چالیان هەلکەندووە دەغلودانەکانیان تێدا شاردۆتەوە بۆ ئەوەی سەربازانی عوسمانی دەستیان پێنەگات (موفتی،2009، ل1322) .

بەرزبوونەوەی نرخی دانەوێلە سیمایەکی تری ئەو شارە بوو لەسالانی جەنگدا دیبلۆ ئار های لەبارەی بەرزبوونەوەی نرخ لەبازاری شاری هەولێر دەلێت " **بەر لەشەر گەنم بۆ40 روپیەوە جۆ 24 روپیە دابەزی لەسالی 1918 نرخ بەشێوەیەك بەرزبەوە گەنم گەیشتە نزیکەی 1500روپیە جۆ 1200 روپیە** " جگە لە دانەوێلە نرخی خۆراکەکانی تریش چەندان جار بەرزبۆتەو بۆنمونە رۆن نرخی (12) جار هێندەی نرخی ئاسایی و برنج (10) جار وگۆشت (3) جار لەنرخی خۆی بەرزبۆتەوە (موفتی،2009، ل1322)، رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی[11] لەوبارەیەوە دەلێت " **حکومت ترك اکر ڤالمی بردایە چوار گرف کردستان امنیت نما ریی تجارە،هموکس دەست و اژنوو، مات و ملول دانیشت کولی پیاوبکا لەناوچوو زراعت پکی کوت اوی شتیکی مابوو خواردی یان حکومت پیی زانی و بردی ایتر کردستان لەکی بەتەمای رزق بی دەوروپشتی لەخۆی برسی ترە** " (تێگەیشتنی راستی "رۆژنامە"،ژ(19) شوباتی 1918 ل2 )

دیارە بارودۆخی خراپی ئابووری کاریگەری لەسەر هەموو چین و توێژە کۆمەلایەتیەکان هەبووە بەلام ئەوەی زیاتر کەوتۆتە ژێر تەوژمی شەپۆلی برسیەتی و نەیتوانیوە پێداویستیە سەرکیە خۆراکیەکانی خۆی دابینبکات چینی هەژاران بەپلەی یەکەم و دواتر چینی ناوەند ( فەرمانبەران و بازرگان و پیشەورە بچوکەکان ) ئەوانە بەتەواوی کەوتنە بەر بەرداشی ئاشەکە، زیاتر دانیشتوانی بەشی خوارووی شارەکە بوون و چینی خۆشگوزەران کەزیاتر لە قەلا نیشتەجێبوون ئەم دۆخە سەختەی ئابووری کەمتر کاریگەری لەسەریانەوە دروستکردوە (قادر، هەولێر، 1914-1930، 2008 ل49)

ئامارە نا فەرمیەکان، گەواهیدەرێکی باشن بۆ سەلماندنی ئەو راستیەی کە تا چ ئەندازەیەك جەنگ کاریگەری لەسەر دانیشتوانی هەولێر دروستکردووە، بەپێی دوا سالنامەی عوسمانی کە باسی قەزای هەولێری کردووە، ژمارەی دانیشتوانی قەزای هەولێری لەسالی 1912 بە ( 14255) کەس خەملاندووە ( دەباغ، 2005،، ل 100 )کەچی ئەم رێژەیە لەسالی 1916 کەمیکردووە بۆ نزیکەی (10،000) (اسماعیل، 2006،ص 108)کەس وە ئەمەش ئەم راستیەمان بۆ دەردەخات کە تا چ ئەندازەیەك شارەکە زیانی گیانی داوە جگە لە وێران بوون زیانە دارایەکان،وە لەسالی 1921 ئەم ژمارەیە جارێکی تر بۆ (10600)کەس زیادی کردۆتەوە (کەرکوکی،، 2006، ل 30)

' پێویستە ئەوەش بوترێت کە زیانەکانی جەنگ تەنیا لەشاری هەولێر بەو شێوەیە نەبووە بەلکو گشتی و لە زۆربەی ناوچەکانی تریش بەو شێوەیە بووە بۆ نمونە لەشارێکی وەك سلێمانی ژماری دانیشتوان لە (20،000 )بۆ (10000) کەمی کردووە بەگوێرەی ئەو راپۆرتانەی بەریتانیەکان تۆماریانکردووە ژمارە دانیشتوانی سلێمانی لەسالی 1914 بە (40000) کەس خەملێندراوە، لە دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئاداری 1919 پێشنیاری چۆلکردنی شارەکەیانکردووە بۆ ئەوەوەی لەشوێنێکی تر بنیاد بنرێت، ئەمەش مانای ئەوی گەیاندووە کە شارەکە لەدوای جەنگ بەتەواوی رووبەرووی وێران بوون بۆتەوە (محمود، 2013، ل 30 )

---

(11) تیَطةيشتنى راستى، رؤذنامةيةكى سياسى كوردى ثروثاطةندةيى ئينطليز بوو لة 1/1/ 1918 يةكةم ذمارةى لةبةغدا دةرضووة ، لة ذيَر ناونيشانةكةى نووسراوة "رؤذنامةيةكى سياسى اجتماعى خادمى بك بوون سربستى كوردانة" شةست و حةفت ذمارةى ليَ ضاثكراوة ، يةكةم رؤذنامةى كوردى لة عيَراق دادةندريَت بؤ زانيارى زياتر بروانة كةمال مةزهةر ئةحمةد, تيَطةيشتنى راستى و شويَنى لة رؤذنامة نوسى كورديدا، بةغدا ،1978، ل49 ؛ رةفيق سالح و سديق سالح ،رؤذنامةى تيَطةيشتنى راستى 1918-1919 يةكةمين رؤذنامةى كوردى لة عيَراق ، هةوليَر،2007، ل3.

لەوسەرو بەندانەشدا ناکرێت رۆلی هەندێ لە بنەماڵەو کەسایەتیە دیارەکانی هەولێر لەیادبکەین و برایەتی لەنێوان دانیشتوانی شار هێندە بەهێزبووە لە بارودۆخێکی واسەختدا پشتیان لەهەژارو لێقەوماوان نەکردووە، رۆژانە دووجار شۆرباو نانیان بەسەر هەژاران دابەشکردووە لەدیارترینیان بنەماڵەی ( حاجی رەشید ئاغا)یە کە جگە لەیارمەتیدانی خەلکی ناوشار دەرگای والاکردووە بۆ بەهاناچوون و دلدەدانی ئەو کەسانەی کە بەهۆی شەرەوپەراگەندە ببون یان ئەو خێزانانەی کە لەشاری مەندەلی و دەوروبەری کەرکوك روویان لەهەولێر کردبوو(عمران، 1983، ص 95 ).، هەروەها ( حەسەن ئاغا چاوشلی ) ئەویش بەرهەمە کشتوکالیەکانی بردۆتە بازار بەنرخی کەمتر لەنرخی خۆی فرۆشتیتیە هەژاران ئەوەی تواناى کرینی نەبووە بەبێ پارە پێیداون، هەروەها ( جەمیل ئەفەندی) کە موفتی هەولێر بووە رۆلی بەرچاوی هەبوولە دابەشکردنی نان بەسەر هەرژاران و یان ئەوانەی بەهەر هۆکارێك رویان لەشارەکە کردوە(موفتی،2009، ل1322) دوای کۆتای جەنگ و تێپەربوونی ماوەی داگیرکاری و دامەزراندنی شانشینی عێراق قۆناغێکی تازە لەمێژووی ئابووری ئەم شارە دەستپێدەکات .

## ئەنجام :

لەکۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی ، هەولێر قەزایەک بووە سەر بە ویلایەتی موسل ، لەرووی ئابووری کشتوکاڵ پێگەی سەرکی هەبووە لەژیانی ئابووری دانیشتوان ، دانیشتوانی ئەم قەزایە بۆ دابینکردنی پیداویسیەکانی ژیانیان چەندین جۆرە بەرهمێکی کشتوکالیان رواندووە ، بەرهەمەکان چەند جۆرێک بوون ، هەندێکیان بۆ خۆبژێویی بوون وەک وەک گەنم ، جۆ ، برنج ، هەندێکیشیان نەختینەیەیی بوون وەک توتن و لۆکە ، لەپاڵ ئەمانەش بەشێوەیەکی فراوان گرگی دراوە بەبەخیوکردنی ئاژەل بەتایبەت مەر ، بزن ، مانگا ، هاوکات لەو ماوە مێژوویە کەرتی کشتوکالی بەدەست چەندین کێشە نالاندویەتی کە هەندێکیان گرفتی سروشتی و لەدەرەوەی تواناکانی مرۆڤ بوون وەک دیاردەی وشکە سالێ و نەخۆشیە کشتوکالیەکان وشالاوەکانی کللۆ بۆ سەر زەویە کشتوکالیەکان ، هەندێ گرفتی مرۆیش لەئارادابوون کەپەیوەندیان بە سیاسەتی حکومەت هەبووە بەتایبەت لە وەرگرتنی باج ، کە چەندین جۆر باجێک لە جوتیاران وەرگیراوە وەک باجی دەیەک ، باجی بەگانە ، بێگومان هەریەک لەو هۆکارانە کاریگەری لەسەر بڕ و جۆری بەرهەم هەبووە کەئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ژیانی جوتیاران دروستکردووە .

دانیشتوانی هەولێر لە بەرهەمە کشتوکالیکان توانیویانە پێداویستی خۆیان دابینبکەن ئەوەی زیادەش بووە هەناردەی دەرەوە کراوە ، بازرگانانی هەولێر جگە لەپەیوەندی بازرگانیان لەگەل قەزاکانی تری عێراق هەبووە هامۆشۆی بازگانیان لەگەل ولاتانی هەرێمی و ئەوروپیش هەبووە ، وەک لەسالنامەکانی موسل ئاماژەی پێکراوە ، بوونی نوێنەری کۆمپانیای ریجی فەرەنسی و کومپانیا ئیتالیەکان باشترین نمونەن بۆ سەلماندنی ئەم راستیە .

لەکۆمەلگای کوردستان تا ئەو سەردەم سیستەمی دەرەبەگایەتی زاڵ بووە، دەرەبەگەکان دوای رێکەوتنی کورد و دەولەتی عوسمان ، بەپشت بەستن بەسیستەمی موڵکایەتی دەولەتی عوسمانی خاوەنی رووبەرێکی یەکجار فراوانی زەوی و زاربوون ، دواتر بەشێوەی پشتاو پشت لەباب و باپیرانەوە ئەم زەویانەیان بۆ ماوەتەوە ، جگە لە زەوی دەرەبەگەکان چەند جۆرە زەوێکی ریش هەبوون وەک (زەوی تەحریر ، زەوی هەمایون، زەویەکانی وەقف ) بێ. لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانی بارودۆخی ئابووری قەزای هەولێر هاوشێوەی ناوچەکانی تربووە ، راپێچکردنی جوتیاران و کریکاران بۆ بەرەکانی شەر ، بونی دیاردەی وشکە سالی و سەرهەلدانی ئاستەنگ لەبەردەم رێگا بازرگانیەکان هۆکاری سەرکی بوون بۆ کەمبوونەوە یان نەمانی بەرهەم بەتایبەت

بەرهەمە بژێویەکان کە مەترسیەکە بەشێوەیک بووە کاریگەر لەسەر ژیان و مردنی مرۆڤەکان دروستکردووە .

**لیستی سەرضاوةكان**

**بلاوكراوة حكوميةكان :**

موصل ولايتى سالنامةسى ، برنجى دفعة ، 1308ه / موصل مطبعة سندة طبع اولنمشدر 1308 ه /1890م

موصل ولايتى سالنامةسى رسميسيدر ، 1310ه / 1892

موصل ولايتى سالنامةسى رسميسيدر ، 1312ه ، 1894

موصل ولايتى سالنامةسى رسميسيدر ، 1325 ه / 1907

موصل ولايتى سالنامة رسميسيدر ، موصل ولايتى مطبعةسى ، 1330 ه / 1912

.IRAQ ADMINISTRATION REPORRTS 1914-1932.ARCHIVE EDITIONS.

**نامة زانستيةكان :**

الشجرى ، عدنان هرير جودة : النظام الادارى فى العراق 1920-1939، اطروحة دكتوراه ، كلية الاداب ، جامعة بغداد ، بغداد، 2005.

حسين ،نسرين سليمان: النشاط الصناعى للمنشات الصناعات الكبيرة للقطاع العام فى محافظة أربيل ، رسالة الماجستير ، كلية الادارة والاقتصاد ، جامعة صلاح الدين – أربيل ، 2002.

حبيب ،على محمد على :التبغ فى الدولة العثمانية من اواخر القرن السادس العشر حتى قيام الحرب العالمية الاولى ، رسالة الماجستير جامعة الاسكندرية ، اسكندرية ، 2015.

علي ،غانم محمد : النظام المالي العثماني في العراق،1839-1914 ، رسالة الماجستير مقدمة الى كلية الاداب- جامعة الموصل ، شباط 1998 .

## سەرچاوەکان

### 1- بەزمانی کوردی

ئەحمەد کەمال مەزهەر: کوردستان لەسالەکانی شەری یەکەمی جیهاندا ، بەغدا ، 1975 .

___________: تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامە نوسی کوردیدا، بەغدا ،1978.

ئەسەسەرد ، ف: گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستان ، دەزگای رۆشنبیر ، ب،ش، 1986.

اسماعیل ، سلێمان عبدالله: تایبەتمندیەکانی باران لە هەرێمی کوردستان ، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی ، سلێمانی ، 1998.

جامباز ، تاریق ، بەرزنجی ، نەژاد ،ئاماری دانیشتوان هەولێر 1922 سەرای ، تەکیە ، تۆپخانەوە، سلێمانی ، 2006

حوسێن ، جەلال خدر ، ژیاننامەی شەهابەی هەولێری 1891-1939، چاپخانەی نازە ، هەولێر ، 2009

سەربەسست کەرکوکی ، راپۆرتی کارگێری دەڤەری کەرکوک لە 1ی کانونی دووەم تا 31 کانونی دووەمی 1919، و، ، سلێمانی ، 2006.

سالح، رەفیق ،رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی 1918-1919 یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە عێراق ، هەولێر،2007

چاوشلی ، هادی رشید ، هەولێر لەگەل کاروانەی فەلەک ،بەغدا ، 1987 ،

چیچۆ ،تحسین ، قادر ، شێرزاد : هەولێر لەیادی سەد سالەی دامەزراندنی شاروانی هەولێر ، هەولێر، 1985

عبدالقادر ، نهرۆ محمد ، هەولیَر 1918-1926، هەولێر ، 2012.

غەفور عەبدولا : جوگرافیای کوردستان ، چ4، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ، 2005.

فتاح ، شاکر ، ئاوێنەی ژینم ، سەرچەم بەرهەمەکانی ، هەولێر ، 2003.

قادر ، مهدی محمد ، هەولێر لەنێوان سالانی 1914-1930، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر ، 2008

__________ هەولێر لەسالانی 1926- 1930، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، 2013

محمود ، بەختیار سەعید ، لیوای سلێمانی 1921- 1958لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی لە بارودۆخی ئابوری، سلێمانی ، 2013.

مستەفا ، فاتیمە قادر: دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەولێر ، مەلبەندی کوردۆلۆجی ، چایخانەی رەنج ، سلێمانی ، 2008.

هاملتن ،م: رێگایەک بە کوردستاندا ، و، عەلی عەبدولرەحمان عەسکەری ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر ، 2013، ل342

، سلێمانی ، 2006.

هەروتی ، سەعدی عوسمان : چەند لایەنێکی مێژووی رامیاری و کۆمەلایەتی و ئابووری لەکوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، هەولێر ، 2013.

**2-**بەزمانی عەرەبی :

الجنايى ، هاشم حضر : مدينة أربيل دراسة فى جغرافية الحضر ، موصل ، 1987.

لجواهرى ، عماد احمد : تاريخ مشكلة الاراضى فى العراق 1914-1932، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1978 .

الحاج ،عزيز : القضية الكردية فى العشرينات ،ط2، بغداد ، 1985.

الدوسكى ، كاميران عبدالصمد :كوردستان العثمانية فى النصف الاول من القرن التاسع عشر ، أربيل ، 2002.

السامرائى ، سعيد عبود : النظام النقدى والمصرفى فى العراق ، بغداد ، 1969.

القيسى ، ناهض عبدالرزاق: النقود فى العراق ، بغداد، 2002 .

اللجنة الاعلامية لمهرجان يوم محفظة اربيل ، اربيل ، هةولير ، بين الماضى والحاضر ، د.م. 1987.

الوائلى ، عبد ربه سكران ابراهيم : اكراد العراق 1851-1914، بغداد، 2013.

خصباك ،شاكر : العراق الشمالى ، بغداد، 1973

شاميلوف ، أ: حول مسألة الاقطاع بين الكرد ،ت، كمال مظهر احمد ، ط2، بغداد، 1984

عمران ،موسى :مندلى عبر التاريخ ، مطبعة الحرية ، بغداد، 1983

عزاوى، عباس: تاريخ النقود العراقية ، بغداد، 1958

كريم ، عمر محمد محمد : القضية الكردية فى الصراع البريطانى العراقى 1918-1932، هةولير، 2003

لونكريك، ستيفن هلمس : اربعة قرون فى العراق الحديث ، ت، جعفر خياط، ط4، بغداد، 1986

________________:تاريخ العراق الحديث 1900-1950 ، ترجمة سليم طه التكريتي ، بغداد، 1988

متشاشغيلى : العراق فى سنوات الانتداب البريطانى ، ترجمة ، هاشم صالح التكريتى ، بغداد ، 1978،

3- بة زمانى توركى

DR.Sinan Marufoglu , OSMANLI DONEMINDE KUZEY IRAK 1831-1914, Istanbul, 1998.

**وتارو لێکۆڵینەوە:**

غفور ، عبدالجبار قادر:اربیل فی سالنامات العپمانیه ، کاروان " گۆڤار " ، ژ ( 91) ، ساڵی نۆیەم ، 1990.

پیرداود ، جابر : پیشە دەستیەکانی هەولێر لە سیەکان و چلەکاندا ، هەولێر " گۆڤار " ژ( 3) هەولێر ، 1999.

خواجە، ئەحمەد: چەند بیرەوەریەکی مێژوویی ، رۆشنبیری نوێ "گۆڤار" ژ ( 111) 1986،

دەباغ ، عبدالرزاق: مامەکانم قەیسەری هەولێریان دروستکرد، ئامادەکردنی ، یوسف نانەکەلی ، گۆڤاری بارش ، ژمارە (6) هەولێر، 2001

دەباغ ، فەیسەل : هەلێر لەسالنامەکانی ویلایەتی یەتی موسل دا، هەولێر "گۆڤار" ، ژ (5) هەولێر، 2005.

موفتی ، ئیحسان رەشاد: گرانیە گەورەکانی هەولێرو دەوروبەری، ئینسکۆپیدیای هەولێر ، هەولێر ، 2009

موراد ،خلیل عەلی : ئیدارەی هەولێر لە دوا سەردەمی عوسمانی 1836-1918، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ، ب3، چاپخانەی بدرخان ، هەولێر ، 2009.

**رۆژنامەکان :**

تێگەیشتنی راستی "رۆژنامە" ،ژ(19) شوباتی 1918.

**References**

Aasasard, F., (1986). Capitalist growth in Kurdistan

Abdulqadir, N., (2012). Hewler ( Erbil) in the years 1918-1926, Erbil

Ahmad, K., (1975). Kurdistan in the first years of the war. Baghdad

Ahmma, K., (1978). "Tegayshtny Rasti" Newspaper, Baghdad

Ali, G., (1998). Ottoman financial system in Iraq, 1839-1914, Master's thesis submitted to the Faculty of Arts-Mosul University, Mosul

Aldosky, K., (2002). Ottoman Kurdistan in the first half of the nineteenth century, Erbil,

Alhaj, A., (1985). The Kurdish Issue in the Twenties, Baghdad

Aljanaby, H., (1987). Erbil City Study in urban geography, Mosul

AlJawahery, A., (1978). History of the Land Problem in Iraq 1914-1932, Baghdad

Alqaesy, N., (2002). Money in Iraq, Baghdad

Alsammaraie, S. (1969). Monetary and banking system in Iraq, Baghdad

Alshajary, A. (2013). Iraqi administrative system 1920-1939, PhD thesis, Faculty of Arts

Alwaely, A., (2013). Iraqi Kurdsh, 1851-1914, Baghdad

Azawy, A., (1958). History of Iraqi Money, Baghdad

Chawshle, H., (1987). Erbil in astronomical rotation, Baghdad

Checho, T., (1985). Erbil on a public occasion to establish the municipality of Erbil, Erbil

Dabbagh, F., (2005). Erbil in Salnamat Mosul state , Hewler "Magazine", p (5), Erbil

Dabbagh, A., (2001). My uncle is the founder of the Caesare market of Arbil, Barsh"Magazine", p (6), Erbil

Fatah, S., (2003). Mirror of my life, Erbil

Ghafor A. Kurdistan geography, Erbil, 2005.

Ghafor j. Arbil in Ottoman Sallanama Karwan"Magazine", p (91), Erbil, 1999 .

Habib A. Tobacco in the Ottoman Empire from the late 16th century until the First World War, Master's thesis, Alexandria University, Alexandria, 2015.

HamiltonA. Road Through Kurdistan , Trasted by , Abdulrahman A,Erbil,2013.

Haroty S. Historical, political, social and economic aspects of Kurdistan in the Ottoman era, Erbil, 2013.

Hussein j. Life artist Shahaba Erbeli (1891-1939) Erbil,2009.

Hussein ,N. Industrial activity of the large public sector industries in Erbil Governorate, Master's thesis, Faculty of Administration and Economics, Salahaden University, Erbil, 2002.

IRAQ , ADMINISTRATION REPORRTS 1914-1932 , ARCHIVE EDITIONS,1919

Ismail S. Characteristics of the rain of Kurdistan region, . Silemany,2006.

Jambaz T. Population census of Erbil, 1922. Erbil. 2006

Baghdad, 1984.

Karem U. The Kurdish Issue in the British-Iraqi Conflict 1918-1932, Erbil, 2003.

Khesbak Sh. North Iraq a Physcal and Cultural Study , Baghdad,1974.

Kirkuky S . Britsh Administration Report of Kirkuk Division, Silemany,2006.

Longrigg S. Four centuries in modern Iraq, translation, Jaafar Khayat, Baghdad, 1986.

Longrigg,S ,Iraq modern 1900-1950, translated by Tikriti S , Baghdad, 1988.

Marufoglu S , Northern Iraq in the Ottoman era 1831-1914(OSMANLI DONEMINDE KUZEY IRAK 1831-1914), Istanbul, 1998

Morad X , Erbil administration in the late Ottoman era 1836-1918, Erbil Encyclopedia , Erbil , 2009.

MosiA. Mendele through history, Baghdad, 1983.

Mosul S. (Mosul Wlaeat Salnammase) Mosul, 1890

Mosul S. (Mosul Wlaeat Salnammase) Mosul, 1892

Mosul S. (Mosul Wlaeat Salnammase) Mosul ,1894

Mosul S. (Mosul Wlaeat Salnammase) Mosul, 1907

Mosul S. (Mosul Wlaeat Salnammase) Mosul, 1912

Mtshishgheily. Iraq in the British Mandate Years, translation, Hashim Saleh al-Tikriti, Baghdad, 1978.

MuftyE. The major crisis in Erbil, the Encyclopedia of Erbil, 2009.

Mustaffa F. Geographic division of the population Erbil, Erbil, 2008

Perdawed j. Handmade in Erbil. Hewler "Magazine", p (5) Erbil, 1999

QadirM . Hewler( Erbil) in the years 1914-1930, Erbil, 2008.

QadirM . Hewler( Erbil) in the years 1926-1930, Arbil, 2013.

Salih R " "Tegayshtny Rasti" Newspaper , The first Kurdish newspaper in Iraq, Erbil ,2007.

ShamyaloveA. About the question of feudalism between Kurd, translation, Ahmed A, Baghdad, 1984.

"Tegayshtny Rasti" Newspaper . p( 19) , Baghdad, 1918.

Xwaja.A, On the historical anniversary, Roshnbery New "Magazine", p (111), Arbil, 1986

پوختە

هەولێر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم قەزایەك بووە سەر بە ویلایەتی موسڵ، بەپیتی خاك و گونجاوی ئاوهەواکەی وایکردووە پێگەیەکی ئابووری بەرچاوی هەبەبێت، دانیشتوانی ئەم قەزایە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان پشتیان بە کشتوکالکردن بەستووە گرنگیان بە بەرهەم هێنانی چەند جۆرە بەرهەمێك داوە کە لەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی ورد سەرنج خراوەتە سەر بڕو جۆری بەرهەمەکان، هەندێکیان بۆ خۆبژێوی بوون وەك گەنم و جۆو برنج، هەندێکیشیان بەرهەمی نەختینەیی بوون وەك توتن و لۆکە لەپاڵ ئەوەش گرنگی دراوە بە بەربومەکانی میوە و سامانی ئاژەڵ، بێگومان هەیەك لەم لایەنە ئابووریانە لەگرفت دوورنەبوون، چەندین گرفتی سروشتی و مرۆیی لەئارادابووە کە کاریگەری لەسەر بڕ و جۆری بەرهەم هەبووە کەئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ژیانی جوتیاران دروستکردووە .

سەبارەت بە سیستەمی دارایی قەزای هەولێر هەمان سیستەم و بنەماکانی دارایی دەولەتی عوسمانی هەبووە، هەروەها لەکۆمەلگای کوردستان تا ئەو سەردەم سیستەمی دەرەبەگایەتی

زاڵ بووە، هەروەها باس لە بارودۆخی دانیشتوانی قەزای هەولێر لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانی دەکەین، گرنگی زیاتر دراوە بە سەرچاوە ڕەسەنەکانی دەولەتی عوسمانی و حکومەتی بەریتانی چەند سەرچاوەیەکی عەربی و کوردی


خلاصة

كانت أربيل منذ أواخر القرن التاسع عشر و بدايات القرن العشرين ادارياً قضاءً التابعة لولاية الموصل ، فكانت لخصوبة تربتها ومناخها الملائمة ومكانه اقتصادية مروموقة و بارزة ، وقد اعتمدت سكانها على الزراعة لتأمين معيشة حياتهم ، وكما اهتموا بالأنتاج بعض من المعاصيل والغلال التى ركزت هذا البحث عليها فى الكميات والنوعيات تلك المنتوجات والمحاصيل بشكل دقيق ، وكان بعضها للعيش الذاتى مثل الحنطة والشعير و الرز ، وكذالك بعضها اخر من المحاصيل النقدية مثل التبغ و القطن ، فضلاً عن ذالك اهتمت ايضاً بالأنتاج الفواكه والثروة الحيوانية ، ولا شك أن كل من تلك المجلات الاقتصادية لم يبتعد عن المشكلات والعُقبات الطبيعية والبشرية ، وكان لوجدها قد أثرت على كميات والنوعيات المنتوجات والمحاصيل ، وهذا بالتالى لها انعكاس سلبى على حياة المزارعين .

فيما يخص بالنضام المالى فى قضاء أربيل كان النظام المتبع فيها نفس النظام المالى التى كانت سائداً الدولة العثمانية ، كما ان النظام الأقتاعى الى ذالك العهد قد سيطرت على المجتمع الكردستانى ، وكان أراضى قضاء أربيل قسمت الى انواع المختلفة اعتماداً على النضام الملكية للدولة العثمانية ،وفى المبحث الاخير من بحثنا تناولنا عن أوضاع سكان قضاء أربيل فى سنوات الحرب العالمية الاولى .

اقتضت بحثنا معايشة مصادر المختلفة و متعددة الغات ، ولكن اعتمادنا اكثر من المصادر الاصلية المختصة بالدولة العثمانية والحكومة البريطانية و عدد من المصادر الكردية والعربية ، وفى الختام عرضت نتائج البحث وثبتنا قائمة المصادر.